# لایسیتێ چییە؟

# شیدان وەسیق

## بەشی یەکەم

و. فازڵ مەحموود

توێژینەوە

ماڵپەڕی ژنەفتن ٢٠٢٠

jineftin.krd

لایسیتێ[1] وشەیەکە کە لە دەیەی حەفتای سەدەی بیستەم لە فەرەنسادا خولقێنراو دوای ئەوە هاتە ناو تێز و گفتوگۆی سیاسییەوە. لایسیتێ دەستکەوتێکی سیاسییە کە بە پێی ئەمە لە لایەکەوە دەوڵەت[2] و ناوەندی گشتێ[3] لایەنگری لە هیچ ئایینێک ناکەن و لە لایەکی تریشەوە، ئایین بە بەهرەمەند بوون لە هەموو ئازادییەک لە کۆمەڵگای مەدەنیدا، هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی بە کارناهێنێ.

بەو بزووتنەوەیە کە لایسیتێ و دەوڵەتی لاییک[4] (نائایینی) بەدی دەهێنێت دەوترێت لاییسیزاسیۆن[5]. لاییسیزاسیۆن لە وڵاتانی کاتۆلیکی ڕۆژئاوا بەرانبەر بە کەنیسەسالاری[6] دروووست بوو لە کاتێکدا لە وڵاتانی پرۆتستانتی ئەوروپا لاییک، لایسیتێ و لاییسیزاسیۆن نەناسراون. لەم زنجیرە وڵاتانە بە پرۆسەی بە دونیایی بوون و گۆران و گۆڕانکاری لە دەوڵەت و ئاییندا ـ ئایینێک کە کەنیسەیەکی دەسەڵاتداری وەک کاتۆلیزمی نەبێت ـ دەوترێت سێکولاریسم. لایسیتێ و سێکولاریسم لەگەڵ هەبوونی لێکچوون لەنێوانیاندا، بەڵام دوو وتەزا و دیاردەی سیاسی ـ مێژوویی لە یەک جیاوازن. لەهەمان کاتدا لایسیتێ بەشێکە لە ((جیابوونەوەی دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی)) یا (جیابوونەوەی ناوەندی گشتی یە لە ناوەندی تایبەتی) کە ئەمە یەکێک لە بنەماکانی سەردەمی مۆدێرنە[7] پێک دەهێنێت.

.

جیاکردنەوەی ئاین و کۆمەڵگای مەدەنی یەکەم مەرجی لایسیتێیە. لە سەدەکانی ناوەڕاست و لە سیستمە دیکتاتۆرییەکان، چونکە کۆمەڵگایەکی مەدەنی جیاواز و سەربەخۆ لە دەرەوەی دەوڵەت بوونی نییە و یا زۆر لاوازە، بۆیە لایسیتێ بە مانای تەواوی وشە نەیدەتوانی بەدی بهاتبایە. لایسیتێ دژە ئایین نییە بەڵکوو چالاکییە ئایینییەکان لە هەموو بەشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا مسۆگەر دەکات. ئیمانداران وەک بێ ئیمانان دەتوانن ئەنجوومەن و بزاوت و پارتی سیاسی پێک بهێنن و هەڵبژێرن و هەڵیانبژێرن. سەربەخۆیی دەوڵەت بەرامبەر بە ئایینەکان و ئازادی ئایینەکان لە کۆمەڵگای مەدەنیدا بە دوو مەرجی پەیوەستی لایسیتێ هەژمار دەکرێت. بە بۆچوونی مارکس، جیاکردنەوەی

---

[1]laicité
[2]Etat
[3]sphèrepublique
[4]LaïqueLaïc
[5]laïcisation

Cléricalisme[6]

[7]Modernité

دەوڵەت و ئایین بە واتای کۆتایی پێهاتنی ئایین نییە، بەڵکوو پەرەسەندنی ئایینە لە ئاستی کۆمەڵگادا بە چوونە دەرەوەی لە دەسەڵاتداری سیاسیدا. لایسیتێ و لاییسیزاسیۆن بە پێی ئەم پێشزەمینانە، وەک چاکسازی ئایین، ڕۆشنگەری و لیبراڵیسم، دیموکراتیسم... و پەرەپێدانی پەیوندییە سەرمایەدارییەکان پێک هاتوون. ڕادیکاڵترینیان لە فەرەنسا بە شۆڕشی گەورەی ١٧٨٩ و بزووتنەوەی دژ بە کەنیسەسالاری[8] دروست بوو. لە وڵاتە ئەوروپاییەکانی تر دەشێت باس لە لاییکێکی سنووردار، ناتەواو یا نیوە لاییک و یا تەنانەت نەبوونیشی بکرێت. لایسیتێ جیابوونەوەی ئایینە لە دەوڵەت نەک لە سیاسەت، دەوڵەتیش سنوودار نابێت بە حکوومەت یا دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە. لایسیتێ ئایدۆلۆژیا، فەلسەفە یا ڕێبازێکی نوێ نییە کە جێگای ئایین بگرێتەوە چونکە لەم کاتەدا دەبێتە ڕەتکەرەوەی خۆی.

لایسیتێ لەگەڵ ئەوەی کە لە ڕەگی وشەی ((لائۆس[9]))ی یۆنانی هاتووە کە بە مانای چین و توێژەکانی خەڵک دێت، بەڵام جیاوازە لە دیموکراسی، کۆماری، عەقڵگەرایی و مافی مرۆڤ و یا پلوراڵیسم؛ ئەگەرچی بوونی ئەم هەموو بنەمایە مەرجی بەدیهاتنی لایسیتێیە. لایسیتێ وتەزایەکی سۆسیالیستی یا مارکسی نییە، ئەگەرچی هاوکات سۆسیالیستەکان وەک یەکێک لە بنەماکانی دیموکراسی لە بەرانبەر بە ((بوونی دیموکراسی راستەقینە)) و سیستمی سەرمایەداری داکۆکییان لێکردووە و دەیکەن. شەڕی ((بوونی سۆسیالیسمی راستەقینە)) لە (شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ تا هەڵوەشانەوەی بلۆکی ڕۆژهەڵات) و لایەنە هەواداره چەپەکانی لە ڕابردوودا لەگەڵ ئاییندا، لەپێناو بەدیهاتنی لایسیتێیەکی ڕاستەقینە نەبووە، بەڵکو بە مەبەستی دەسەڵاتداری دەوڵەتێکی ستەمکار و تاکە حیزبی بووە بە ئایدۆلۆژیایەکی تۆتالیتار لە جێگای ئاییندا.

## ٢. لایسیتێ: بەرهەمێکی دروستکراوی فەرەنسا

لایسیتێ وشەیەکی تازەیەک نوێیە کە فەرەنسییەکان دۆزیانەوە. ئەم وشەیە بۆ یەکەمجار لە ١١ ی تشرینی دووەم ١٨٧١ واتە (تازەیەک شەش مانگ دوای تێکشکانی کۆمۆنی پاریس) لە ڕۆژنامەیەکی فەرەنسی بە ناوی ((نیشتمان[10])) بە کارهێنرا. (دەبێت دووپاتی کەینەوە کە وشەی لاییک لە زمانی فەرەنسیدا بە هەمان شێوە کە دەیبینین دوو مانای جیاوازی هەیە و خاوەنی پێشینەیەکی دووروردرێژە).

ڕۆژنامەی ناوبراو لە ڕاپۆرتێکدا کە لە وتووێژەکانی ئەنجوومەنی شار سەبارەت بە ((خوێندنی لاییک)) دەیخاتەڕوو، باس لە دەنگدان دەکات لەبارەی ((لایسیتێ)) لە

[8] Anti-cléricalisme
[9] Laos
[10] Patrie

((سیستمی خوێندندا))، ئەندامێکی سۆسیالیستی ئەنجوومەنی شار ئەو ڕۆژە بۆ یەکەمین جار ناوی لایسیتێی هێنا. لەم مێژووە بە دواوە وشەی لایسیتێ دێتە ناو زمانی فەرەنسییەوە و بە هەمانشێوە کە دەبینین سەرەتا لە پەیوەندی بە لاییک کردنی((لاییسیزاسیۆن))ی سیستمی خوێندن واتە سیستمێکی بێ ئایینی یا دەرهێنانی ئەم سیستمە لە ژێر دەسەڵاتی کەنیسە دەخرێتە ڕوو. وشەی لایسیتێ لە ساڵی ١٨٧٣دا لە فەرهەنگەکانی لاروس و چوار ساڵ دواى ئەوەش بە چەند پێناسەیەکی چوون یەکەوە دێتە ناو فەرهەنگی لیتروە[11]. لایسیتێ ئەو شتەیە کە ((خەسڵەتی لاییکی)) هەیە،هەر لەوێشدا لاییک بە ((نامەزهەبی)) یا ((نائایینی)) پێناسە دەکرێ. لەلایەکیشەوە بزووتنەوەیەکی کۆماریخواز لە فەرەنسادا دژ بە کەنیسەسالاری و بۆ جیاکردنەوەی دامەزراوەی دەوڵەت لە دامەزراوەی ئایین (کەنیسەکان) بوونی هەیە.

بزووتنەوەیەک کە لە ڕاستیدا لە شۆڕشی گەورەی فەرەنسا (١٧٨٩) بە پێش زەمینەی فەلسەفی، کولتووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییەوە دەستپێدەکات. بزووتنەوەی ڕێنیسانس، ریفۆرماسیۆن و سێکۆلاریسم، بزووتنەوەی ڕۆشنگەری، دامەزراندنی دەوڵەت ـ نەتەوەکان و کۆمەڵگا مەدەنییەکان و جیاکردنەوەی ئەم دووانە...

لە دوای هەڵوەشاندنەوەی شێوازە کۆنە سیاسی و ئابوورییەکان و هاتنە کایەوەی پەیوەندییە سەرمایەدارییەکان... هەموو زەمینە و هەلومەرجە پێویست و بەجێکان بۆ لایسیتێ دەستەبەر دەکەن.

لەلایەکی تروە لایسیتێی فەرەنسی بەرهەمی بزووتنەوەیەکی تایبەتە کە بە تایبەت لەم وڵاتە و بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ و دروست دەبێت: ریفۆرم بۆ خوێندنی خۆڕایی و گشتی. ئەم بزووتنەوەیە بە ئامانجی دروستکردنی ((قوتابخانەیەکی لاییکی کۆماری[12]))، سیستمی خوێندنی فەرەنسای کە تا ئەو کاتە لەژێر ڕکێفی سیستمی کەنیسە بوو (هەروەها بۆ مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانی تر) دەهێنێتە دەرەوە. بەم شێوەیە ((جیاکردنەوەی دەوڵەت و کەنیسە)) و ((قوتابخانەی لاییک))، گشتی(دەوڵەتی) ـ نا ئایینی، دوو بنەمای سەرەکی لایسیتێی فەرەنسی پێک دەهێنن. ئەمە لایسیتێیەک بوو کە لە ڕاستیدا بە یاسای ١٩٠٥ و دەستووری کۆماری پێنجەمی فەرەنسا لە ساڵی ١٩٥٨ دادەمەزرێ و جێگیر دەبێت و دەبێتە دامەزراوە.

یاسای ١٩٠٥: سەبارەت بە ئایینەکان کە بە ((یاسای جیاکردنەوەی دەوڵەت لە کەنیسەکان)) بە ناوبانگە، لە ماددەی ١و٢دا لەلایەکەوە ئازادی ویژدان و ئازادییە ئایینییەکان و لەلایەکی تروە سەربەخۆیی دەوڵەت بەرامبەر بە کەنیسەکان ڕادەگەیەنێت:

---

[11]Littré

[12]Ecolelaïque de la république

ماددەی ١: کۆمار، ئازادی ویژدان مسۆگەر دەکات. کۆمار، ئازادی لایەنگرانی ئایینەکان لە بەجێهێنانی ئەرکەکانیان دابین دەکات، بە مەرجێک کە بەرژوەندی و ئاسایشی گشتی ڕەچاو بکەن.

ماددەی ٢: کۆمار، هیچ ئایینێک بە فەرمی ناناسێ، مووچە و یارمەتی هیچ ئایینێک نادات و لە ئەنجامدا لە مێژووی یەکەمی کانوونی دووەمی ١٩٠٦دا بە بڵاوکردنەوەی ئەم یاسایە، تەواوی خەرجییە پەیوەندیدارەکان بە مەسەلەی مەزهەبەوە لە بودجەی دەوڵەت و پارێزگاکان و کۆمۆنەکان لادەبرێن.

لە دەستووری ساڵی ١٩٨٥دا لایسیتێ بۆ یەکەمین جار و بەناوهێنانی، دەخرێتە ڕوو. دەبێت بڵێین کە لەنێوان تەواوی دەستوورەکان لە جیهاندا تەنیا دەستووری فەرەنسایە کە ئاماژە بە لاییک بوون لە ژێر ئەم ناونیشانە دەکات.

دەستووری فەرەنسا٤ی تشرینی یەکەم ١٩٥٨

ماددەی ٢: فەرەنسا کۆمارێکی دابەش نەبوو، لاییک، دیموکراتی و کۆمەڵایەتییە کە یەکسان بوونی هەموو هاووڵاتیان لە بەرامبەر بە یاسا و گوێنەدان بە جیاوازی لە سەرچاوە و ڕەگەز یا مەزهەبی ئەوان مسۆگەر دەکات و ڕێز لە هەموو بیروباوەڕەکان دەگرێت.

لە بەشەکانی تری ئەم لێکۆڵینەوەیە، ئەوە شی دەکەینەوە کە چۆن وڵاتە جیاوازەکانی جیهان و بە تایبەت ئەوروپاییەکان و لەوانە وڵاتە پرۆتستانتەکان کە دامودەزگایەکی دەسەڵاتدار و چەقبەستوو و هیرارکییەتی ئایینی وەک کەنیسەی کاتۆلیزمیان نییە، پەیوەندی نێوان دەوڵەت و ئایین (کەنیسە)یان لەڕووی مێژوویەوە چارەسەر کردووەو هەروەها پیشانی دەدەین کە ئەم وڵاتانە ڕێگای جیاواز و جۆراوجۆریان گرتووەتە بەر. بە بۆچوونی زۆر کەس، لایسیتێ لە ڕاستیدا شتێکی شازی فەرەنسییەکانە. ئێستا لەم وڵاتەدا، بە سەرەنجدانی گۆڕانە کۆمەڵایەتی و کولتووری و مەزهەبییەکان و بە سەرنجدانی بوونی ئایینی ئیسلام وەک دووەم ئایینی وڵات دوای مەسیحییەت و ئەم مەسەلە سیاسییە ـ کۆمەڵایەتییە نوێیانەی کە دروست بووە (بۆ نموونە ڕووداوی ((چارشێوی ئیسلامی)) کچانی موسڵمان لە قوتابخانەکان)، لاییستێ ڕووبەڕووی کێشە و گرفتی نوێ کردووەتەوە. هەروەها باس لە لاییستێ جۆراوجۆر دەکرێ و داکۆکیەرانی خاوەن تێڕوانینی جۆراوجۆر و جاروباریش جیاوازن.

## ٣. پێناسەیەک بۆ لاییستە و جیابوونەوەی دەوڵەت و ئایین

لە پێناسەیەکی سەرەتایی و پێشەکیدا دەتوانرێ بوترێ کە لاییستێ، بە هەمان شێوە کە لە شوێنی لە دایک بوونییەوە پێک هاتووە و پێناسە کراوە، شتێکە کە لە یەکێتی دوو ناوەڕۆکی سیاسی و جیانەکەرەوە و پەیوەست بە یەکەوە پێک هاتووە: ١. جیابوونەوەی دەوڵەت (کە سێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری لەخۆ دەگرێ) و بەشە گشتییەکانی تری کۆمەڵگا لە دامەزراوەی ئایین و کەنیسە و سەربەخۆیی دەوڵەت سەبارەت بە ئایینەکان و سەرچاوە مەزهەبییەکان.

٢. دابینکردن و مسۆگەرکردنی ئازادی لەلایەن دەوڵەتی لاییک بۆ هەموو بیروباوەڕە مەزهەبی و نامەزهەبییەکان.

ئێستا ئەگەر مانای ئازادی ئایینەکان روون بێت، ئەوا هێشتا مانای جیاکردنەوەی ئایین و دەوڵەت ئاشکرا نییە. ئەم کارە لە فەرەنسا بە شێوەی جیاکردنەوەی سەربەخۆیی تەواوی دامەزراوە گشتییەکان لە دامەزراوە کەنیسە بەدی هات. بەڵام دەوڵەت دەتوانێ ئایینی بێت، بە بێ ئەوەی کە دامودەزگایەکی وەک کەنیسەی کاتۆلیکی لەسەر کورسی دەسەڵات هەبێت. دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێران یەکێکە لە نموونە بەرچاوەکان. جیاکردنەوەی دەوڵەت و ئایین بە واتای هاووڵاتی بوون و بەهرەمەند بوون لە مافی هاوڵاتی بوون دێت؛ کە ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بە مەزهەبی ئەندامانی کۆمەڵگاوە نییە. دەوڵەت و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان سیاسەتەکانی خۆیان بە پێی بنەمای ئایین، لە ژێر ڕووناکایی ئایین و یا بە گونجاندن لەگەڵ بنەماکانی ئایین پێک ناهێنن. سەرەنجام دەوڵەت و دامەزراوە گشتییەکان بۆ دیاریکردنی ماف و ئازادی هاووڵاتیان، بیروباوەڕە مەزهەبییەکانی ئەوان بە هیچ شێوەیەک بە پێوەری خۆیان نازانن. بەڵام بۆ خستنەڕووی پێناسەیەکی تێروتەسەل لە لاییستێ دەبێت پێش هەموو شتێک ڕەخنە لەو شتە بگیرێ کە لاییستێ نییە و یا مایەی لادانییەتی، واتە بە ڕەتکردنەوەی ئەو لێکدانەوە ناڕەوا و هاوتاکردنە گومڕاکرانە کە بۆی کراوە.

## ٤. لێکدانەوە هەڵەکان بۆ لاییستێ

لاییستێ دژە مەزهەب نییە، چونکە کاری بە سەر ئایینەوە نییە، بەڵکو تەنیا دەیەوێت کاروباری دەوڵەت لە کاروباری ئایین جیابکاتەوە.

هەڵبەت لەوانەیە ئەم جیاکردنەوەیە شەڕ و کێشەی تێبکەوێ، بەهەمان شێوە کە لە فەرەنساش ڕوویدا، بەڵام لاییستێ بە پێی بنەماکانی خۆی، مسۆگەرکەری ئازادییەکی تەواوە بۆ چالاکییە ئایینییەکان لە کۆمەڵگادا. نائایینیکردنی دەوڵەت و دابین کردنی ئازادی ئایینەکان، بە دوو ڕووی لاییستێ هەژمار دەکرێت. لاییستێ، لەهەمان کاتدا مشتومڕێکە، بەڵام دژ بە ئایین مشتومڕ ناکات، بەڵکوو مشتومڕ دەکات بۆ پاراستنی خەسڵەتی نائایینی

دەوڵەت و ڕێگرە لە گەڕانەوەی ئایین بۆ دەسەڵاتی سیاسی. لایسیتێ جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت نییە و نایەوێت ئایین بگۆڕدرێ بۆ فەرمانێکی تاکەکەسی. لێرەدا هاوکات هەڵەیەک دروست دەبێت لەوەی کە لایسیتێ، ئایین لە ((ناوەندی گشتی)) واتە (دەوڵەت و دامەزراوە گشتییەکان) دەگوازێتەوە بۆ ((ناوەندی تایبەتی))، هەندێ کەس وا دەگەنە ئەنجام کە ئایین تایبەتی یا تاکەکەسییە و نابێت دەست لە سیاسەت وەربدات.

تێنگەیشتن لە مەسەلەکە لەوێدایە کە زۆرێک ((ناوەندی تایبەتی)) لەگەڵ ((فەرمانی تاکەکەسی و تایبەتی)) تێکەڵ دەکەن و لە ئەنجامدا باس لە جیاکردنەوەی ئایین و سیاسەت (نەک ئایین و دەوڵەت) دەکەن. دەبێت بە ڕاشکاوی بڵێم کە ((کەرتی تایبەتی)) لە ڕۆژئاوا و لە کولتووری سیاسی ڕۆژئاواییدا بە مانایەکی یاسایی باسی لێوە دەکرێت کە ئەویش کۆمەڵگای مەدەنییە لە سەربەخۆییدا بەرانبەر بە دامەزراوەی دەوڵەت. کۆمەڵگای مەدەنی لە تەواوی بەشەکانی، بۆ نموونە چالاکی ئایینەکان، نە تەنیا کاری بە سیاسەتەوە هەیە بەڵکوو زۆر چالاکانەش دەست تێوەردانی تێدەکات.

بە پێچەوانەی هیگڵەوە کە کۆمەڵگای مەدەنی بە بەرەنجامی دەوڵەت دەزانێت و لە ئاکامدا دەکەوتە پیرۆز کردنی دەوڵەت، لێرەدا بیروڕای مارکس تەواوە، کە دەوڵەتی بە بەرهەمی کۆمەڵگای مەدەنی دەزانی و لە ئەنجامدا بانگهێشتی بۆ توانەوە و هەڵوەشاندنەوەی دەکرد. مارکس پێش سی ساڵ لەوەی کە وتەزای لایسیتێ بخرێتە ڕوو، لە ساڵی ١٨٤٣دا لە ڕەخنەی بۆ برونۆ بائۆ و بە پێچەوانەوەی ئەوەوە کە ((جیابوونەوەی ئایین و دەوڵەتی)) بە کۆتایی هاتنی ئایین دەزانی، پێی وابوو کە بەم جیاکردنەوەیە، ئایین تەنیا لە بواری دەسەڵاتی سیاسییەوە کەنار دەگرێت بەڵام لە پانتاییە بەرفراوانەکەی کۆمەڵگای مەدەنیدا ئامادەبوون و چالاکی خۆی بەردەوامی پێدەدات و تازە لێرە و لەم کاتەیە کە ئیشی سەرەکی و ڕاستەقینەی ئاین دەستپێدەکات. کەواتە لایسیتێ ئایین تەنیا لە دەسەڵاتی سیاسی دووردەخاتەوە، بەڵام ئیماندارن لە دەستتێوەردان لە سیاسەت لەگەڵ هەر ئیمان و بیروڕایەکیان ئازاد دەکات. ئەمان ئازادن وەک هەر هاووڵاتییەکی تر لەگەڵ هەر فەلسەفە و ئیمان و ڕێبازێکیاندا بەشداری بکەن لە دروستکردنی ئەنجوومەن و حیزبی سیاسی و لە ژیانی دیموکراتیدا و لە هەموو ئاستەکانیدا بەشدار بن لە هەڵبژاردن و هەڵبژێردرانیان.

لایسیتێ و سێکولاریسم وەک یەک نین. چونکە وەرگێڕانی دوو لۆژیکی جیاوازن لە مێژووی ڕۆژئاوادا. من ئەم بابەتە لە بەشەکانی تردا شی دەکەمەوە، بەڵام لێرەدا جارێ هەر یەک پێناسەی گشتی لە لاییسیزاسیۆن و سێکولاریسم بە لایەنە جیاوازەکانیانەوە دەخەینە ڕوو. لۆژیکی لاییسیزاسیۆن بەهەمان شێوە کە وتم تایبەتمەندییەکی وڵاتە کاتۆلیکەکانە. ئەو جێگایەی کە دامودەزگای بە هێز و چەقبەستووی هیرارکییەتی کەنیسەی کاتۆلیک خۆیان لە بەڕێوەبردن و ڕێبەرایەتی ژیانی کۆمەڵایەتی، بە خاوەن پەیام دەزانن. لە ئەنجامدا وەک هێزێکی بەرەنگاریکەری دەوڵەت، بەرانبەری دەوەستنەوە. ئیتر لێرەدا دەوڵەت و

کەرتی گشتی بۆ ڕزگاردنی خۆیان لە دەسەڵاتی کەنیسە یەکدەگرن و دژ بە کەنیسەسالاری دەجەنگن و دەسەڵاتی سیاسی لە ژێر چەپۆکیی کەنیسە دەردەهێنن و ناوەندی کاری کەنیسە لە دەسەڵاتداریەتی سیاسییەوە دەگوازنەوە بۆ کۆمەڵگای مەدەنی. بەڵام لە لۆژیکی سێکۆلاریزاسیۆن، ئێمە ڕووبەڕووی گۆڕانی هاوکات و بەرەبەرەی دەوڵەت و ئایین و بەشە چالاکە جیاوازەکانی کۆمەڵگا دەبینەوە. ئەمە لۆژیکێکی تایبە بە وڵاتە پرۆتستانتەکانەوە. لەوێدا کە کەنیسەی پرۆتستانت، بە پێچەوانەوەی کەنیسەی کاتۆلیکەوە، نەك تەنیا وەک هێزێکی بەرهەڵستکاری دەوڵەت خۆی دەرناخات، بەڵکوو دامەزراوەیەکە لە دەوڵەت و تا ڕادەیەکیش ملکەچی دەسەڵاتی سیاسییە.کەواتە لێرەدا، پرۆسەی بە دونیایی بوونی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان بەرەبەرە و لەسەرخۆ و بە بێ ڕووبەڕووبوونەوەی دەوڵەت لەگەڵ کەنیسەدا دەستەبەر دەبێت. لایسیتێ تەنیا جیابوونەوەی ئایین نییە لە حکوومەت، جیاکردنەوەیەکی سادەی نێوان کاروباری دونیایی و ڕۆحی نییە. لایسیتێ هەوڵ دەدات لەنێوان دەسەڵاتی سیاسی و ئاییندا جیاکردنەوەیەکی ڕاستەقینە دروست ببێت، کە دامەزراوە گشتییەکان (دەوڵەتی) خەسڵەتی ئایینیان نەبێت واتە سیاسەت و کرداریان لەهەر چەشنە گەڕانەوەیەک بۆ ئایین و مەزهەبێکی دیاریکراو و پارێزراو بێت. هەندێ کەس حکوومەت لە بری دەوڵەت یا بە پێچەوانەوە تێدەگەن و لە ئەنجامدا باس لە جیاکردنەوەی ئایین و حکوومەت دەکەن. لەکاتێکدا حکوومەت یا دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەشێک لە دەوڵەت پێک دەهێنێت و تەواوی دەوڵەت نییە.

کەرتی گشتی پێک دێت لە دەوڵەت و دامەزراوە گشتییەکان وەک نەخۆشخانەکان و قوتابخانەکان و دامەزراوە دەوڵەتییەکان، دەوڵەتیش سنووردار ناکرێت بە دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە و دەسەڵاتی یاسادانان و دامەزراوە دەوڵەتییەکانی تریش دەکەونە ژێر دەسەڵاتدارییەتی گشتییەوە. جیاکردنەوەی ئایین و دەوڵەت لە "لایسیتێ"دا دەبێت لە ڕەگ و ڕیشەوە بێت. ئەمە بەو مانایەیە کە لە یەکلاوە، دەوڵەت هیچ ئایینێک بە فەرمی ناناسێ واتە لە دەستووردا هیچ ئایینێک ئەگەر ئایینی زۆرینەش بێت، وەک ئایینێکی فەرمی لێی ناڕوانێ و دانی پێدا نانێت؛ لەلایەکی تریشەوە ئایینەکان بەهرەمەندن لە چالاکی ئازادانە و دەوڵەتیش هیچ کۆنترۆڵێکی لە سەریان نییە. هەم دەوڵەت بە تەواوی سەربەخۆیە لە ئایین و هەم ئایینیش لە دەوڵەت. لایسیتێ ئایدۆلۆژیا نییە. کەسانێک لە لایسیتێ ئایدۆلۆژیایەک بە پێی بنەمای عەقڵ و زانست و پێشکەوتن... دروست دەکەن لەکاتێکدا وا نییە. لایسیتێ فەلسەفە و ڕێبازێکی نوێ نییە کە بیەوێت بە لابردنی ئایین جێگای بگرێتەوە. لایسیتێ جیهانبینی و مەزهەب و یا ئیمانێکی نوێ نییە. پیرۆز نییە بەڵکوو دژە پیرۆزییە. لەم ڕووەوەیە کە کەسانێک باس لە چاکسازی لایسیتێ دەکەن لە ئەگەری لادانی و گۆڕانی بۆ ئایدۆلۆژیا یا ئایینێکی نوێ لە ((لاییسیزەکردنی لاییستە)) یا ((لایسیتێی بێ ئایدۆلۆژیا)) دەکەن کە لە حەقیقەتدا پارادۆکسێک زیاتر هیچ نییە.

لایسیتێ لە مانای ڕەسەنیدا ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی - کۆمەڵایەتی ڕێنوێنیکەر نەبووە بەڵکوو تەنیا تێڕوانینێکی سیاسییە لەسەر جیاکردنەوەی ئایین و دەوڵەت (دەسەڵاتی سیاسی) نە هیچی تر. لایسیتێ وەک وتەزایەکی ڕەتکەرەوە نەک سەلماندن، ناتوانێ بچێتە چوارچێوەی فەلسەفەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە و یا ڕۆڵی پرۆژەیەکی سیاسی ببینێ، چونکە لەم کاتەدا شوناس و تایبەتمەندی خۆی لە دەست دەدات. لایسیتێ بە مانای دەوڵەتێکی بێ ئایدۆلۆژیا نییە. کەسانێک دەوڵەتی لاییک بە دەوڵەتێکی بێ ئایدۆلۆژیا دەزانن و لەئەنجامدا بابەتی ((جیاکردنەوە)) لە لایسیتێیان، جگە لە ئایین، بە ئایدۆلۆژیاکان دەبەستنەوە. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەگەر دەوڵەت لاییکیش بێت ئەوا هەر خاوەن بیروڕایەکە و لە ئەنجامدا ناتوانێت کاریگەری ئایدۆلۆژیاکانی لەسەر نەبێت. ئایا دەوڵەتە لاییکەکانی ئێستا لە ڕۆژئاوا لیبراڵی نین؟ ئایا لیبراڵیسم یا ئۆکۆنۆمیسم و یا ناسیۆنالیسم شێوازێک لە ئایدۆلۆژیا نین؟ دووپاتی دەکەینەوە کە بابەتی لایسیتێ چ لە پێکهاتنە مێژووییەکەیدا و چ ئەمڕۆ لەگەڵ ئەو پرسیارە تازانەی کە ڕووبەرووی دەکرێتەوە، هاوکات بریتی بووە لە جیاکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە ئایین و نە شتی تر وەک ئایدۆلۆژیا و .... هتد.

## هاوچەشن سازی زێدەڕۆییانە

وتمان کە لایسیتێ وتەزایەکی ڕەتکەرەوە یا (ڕەتکەرەوەی ئایین سالاریە) نەک پۆزەتیف بێت و بیەوێ بەهایەکی ئەرێنی بۆ ئایین سالاری دەستەبەر بکات، هەروەها بە تەنیا شتێک دروست ناکات و بەهایەکی پۆزەتیف ناخولقێنێ. لەم لایەنەوە کەسانێک هەوڵ دەدەن کە چەند بەهایەکی ئەرێنی و بەجێ بۆ لایسیتێ بخولقێنن و ئەم وتەزایە لەگەڵ چەند چەمکێکدا هاو واتا و یەکسان بکەن کە هیچ پەیوەندییەکیان بەم دیاردەیەوە نییە. لە ئەنجامدا چەند پێناسەیەکی سادە لە لایسیتێ دەخەنە ڕوو بە شێوەیەک کە ئەم وتەزایە بەرە بەرە مانای خۆی لە دەست دەدات و دەگۆڕدرێت بۆ شتێکی تر. ئاوەهایە کە لایسیتێ لەگەڵ دیموکراسی، کۆماری، عەقڵی ڕەخنەگرانە، مافی مرۆڤ، پلوراڵیزم و یا ئازادی ویژدان یەکسان دەکرێت. لە کۆتاییدا لە ڕووناکایی ئەم هاوچەشن سازییە زێدەڕۆییانە، لایسیتێ دەبێتە شتێکی هەڕەمەکی و شێواو کە هیچ لێکچوونێکی لەگەڵ ئەوەی کە لە ڕاستیدا وایە نامێنێت.

لایسیتێ یەکسان نییە لەگەڵ دیموکراسی، کەسانێک هەوڵ دەدەن لەو مانا هاوبەشەی کە لە ڕەگی هەر دوو وشەی لایسیتێ و دیموکراسیدا هەیە (لایۆس لە لایسیتێ و دیمۆس لە دیموکراسی کە هەر دوو لە زمانی یۆنانی بە مانای ((خەڵک)) دێت)، لاییک بە (خەڵک) و بیروڕای لاییکی بە بیروڕای خەڵکی و لایسیتێ لەگەڵ دیموکراسی بە یەکسان بزانن. بەڵام ئەگەرچی لەنێوان لایسیتێ و دیموکراسی نزیکییەك هەیە، بەڵام پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و ڕەها لەنێوانیاندا بوونی نییە.

یەکێکیان چاودێرە لەسەر ((جیاکردنەوەی ئایین و دەوڵەت)) و ئەوی تریان لەسەر ((حکوومەتی خەڵکی)). لەلایەکی تروە لایسیتێ بە بێ دیموکراسیش بەدی دێت. بەهەمان شێوە کە لە ڕژێمە تۆتالیتار یا دیکتاتۆرییەکانی هاوشێوەی سۆڤێتی جاران، مەکزیک و یا تورکیا بینیوومانە و دەیبینین. (لە بەشی پێنجەمی ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەک لەسەر بارودۆخی لایسیتێ لە وڵاتە جیاوازەکانی ئەوروپا دەکەین). لایسیتێ لەگەڵ سیستمی کۆماریدا یەکسان نییە. کەسانێک بە پێی ئەزمونی فەرەنسا و ئەم ڕاستییە مێژووییەی کە پێکهاتنی لایسیتێ لەم وڵاتە بە گەشە و پێکهاتنی کۆماری تێکەڵ کراوە، پێیان وایە کە لایسیتێ و کۆماری پەیوەندییەکی بنەڕەتی و جیانەکەرەوە لە نێوانیاندا هەیە.

هەڵبەت ئەمە ڕاستە کە دەوڵەتێکی کۆماری تەواو، دەوڵەتێکە کە بە تەواوی سەربەخۆ و جیا بێت لە هەر ئایینێک، بەڵام هەر لە فەرەنسا خۆیدا کۆماری پێش لە لایسیتێ دروست بووە، بەڵام لە وڵاتانی وەک ئەڵمانیا، کۆماری بە بێ لاییک (لە مانای ڕاستەقینەیدا) بەردەوامە لەسەر ژیانی خۆی. کەواتە لایسیتێ جیاوازە لەگەڵ کۆماریدا لەگەڵ ئەوەی کە بە مەرجێکی پێویست بۆ بەدیهاتنی هەژمار دەکرێت.

لایسیتێ یەکسان نییە لەگەڵ عەقڵگەرایی، کەسانێک لایسیتێ بە عەقڵگەراییەکی ڕەخنەگرانە بەرانبەر بە دۆگماخوازی ئایینی بە یەکسان دەزانن.

لایسیتێ بە لای ئەمانەوە دەبێتە بیرۆکەیەکی ڕەخنەگرانە، دەبێتە ڕەتکەرەوەی حەقیقەتی ڕەها، دەبێتە تیۆری چەند لایەنە و ئاڵوگۆڕکاری بیروڕای گشتی، دەبێتە پرسیارکەرێکی بەردەوام. بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە تەواوی ئەم بنەمایانە و شێوازە سیاسی و تێفکرینانە سەرنجڕاکێش و دروستن، بەڵام بە دانە پاڵی ئەمانە وەک لایسیتێ، پێناسەیەکی وا بەرفراوانی لێوە بەدەستەوە دەدەین تا جێگایەك کە ئەم وتەزایە مانای تایبەتی خۆی لە دەست دەدا و دەگۆڕدرێ بۆ شتێکی تر. لایسیتێ یەکسان نییە بە مافی مرۆڤ. هەڵەیەکی تر ئەوەیە کە بابەتی لایسیتێ لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ یەکسان دەکەن، لە ئەنجامدا باس لە ((شەڕی لاییک لەپێناو مافی مرۆڤ)) یا ((مسۆگەرکردنی مافی مرۆڤ لە لایەن لایسیتێوە)) یان باس لە ((شەڕی لایسیتێ بۆ بەدی هاتنی یەکسانی نێوان ژن و مێرد)).....دەکەن. هەڵبەت ئەمە ڕاستە کە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی لایسیتێ، واتە ئازادی ئایینەکان لەگەڵ ١٨ جاڕنامەکەی جیهانی مافی مرۆڤ (١٠ی کانوونی یەکەم ١٩٤٨)دا سەبارەت بە ئازادی بیروباوەڕ و ویژدان و ئایین و... یەکدەگرێتەوە.

بەڵام نابێت بۆ لایسیتێ پەیام و بنەمایەک دیاری بکرێت کە لە توانا و هۆشیارییەوە بەدەر بێت. لەم کاتەدایە کە تایبەتمەندی خۆی بە ئاوێتەبوون و لێکدانی لە پانتاییەکی بەرفراوان و سادە لە دەست دەدات.

لایسیتێ یەکسان نییە لەگەڵ پلورالیسم دا. سەرەنجام لایسیتێ لەگەڵ پلورالیسم و تۆلێرانس Tolérance‌دا تێکەڵ دەکەن.

لێرەشدا بەشێک لەحەقیقەت شاراوەیە چونکە لایسیتێ شیاوترین شێوازی سیاسییە بۆ بەدیهاتنی پلورالیزمی ئایینی (مسۆگەرکردنی ئازادی ئایینەکان) و بە ڕەوازانین (پێکەوە ژیان و گفتوگۆی ئازادانەی بیروباوەڕەکان)، بەڵام لێرەشدا نابێت وتەزا جۆراوجۆرەکان ئاوێتە بکرێن و لایسیتێش لەگەڵ دەرەنجامە گریمانەییەکانی بە یەکسان بزانرێت. پلورالیزم و لایسیتێ دەتوانن بە بێ یەک بوونیان هەبێت.

**تێبینی: ئەمە بەشی یەکەمی کتێبی "لایستێ چییە؟ ی "شیدان وەسیق"ە کە ساڵی 2010 لە لایەن دەزگای یانەی قەڵەم چاپکراوە.**

**ناوی سەرچاوەکانی بەشی یەکەم**


.١La Laïcité, Maurice Barbier, Ed. L Harmattan

.٢Esquisse d únethéorie de laïcité, Maurice Barbier. Le Débat No٧٧.١٩٩٣

.٣Entre laïcisation et secularization, FranÇoise Champion, Le Débat No ٧٧,١١٩٣

.٤La laïcitéFranÇaise. Jean Boussinesq, Edition du seuil

.٥Les trios âges de la laïcité, Jacquline Costa-Lascoux, Hachetee

.٦La laïcité, Guy Haarscher, Que sais-je?

.٧La question juive, Bruno Bauer, Traduction Jean-Marie Caillé

.٨La question juive, Karl Marx, [Euvres tome III Philosophie]

.٩Genése et enjeux de laïcité, Genéve, Labor et fides, ١٩٩٠

.١٠La religion dans la démocratie, Marcel Gauchet, Gallimard.

.١١La laïcitéenmiroir, Guy Gauthier, Edilig